# باڵای دیموکراسیەت و مەرگی مەسئول.

عومەرمحەمەد

لەم وڵاتەدا باری لاری دیموکراسیەت لەوێوە دیارە کە باڵای مەسئول هەزارانجار لەباڵای دیموکراسیەت بەرزترە, دەسەڵاتی مەسئولێکی سەربازی هەزاران جار لە دەسەڵاتی ئیدارییەکان بڵندترە, باڵای حزب چەند قاتێك لەباڵای حکومەت هەورازترە, بیروکراتیەت هەزارهێندەی دیموکراسیەت باری راست ترە, ئەوانەی پروپاگەندەی دیموکراسیەتیش دەکەن هەرئەوانەن کە بڕوایان پێی نیە, ئەوانەی باس لەنەهێشتنی گەندەڵی دەکەن ئەو بەرێزانەن کەخۆیان سەرچاوەی گەندەڵین, ئەو پیاوە تۆتالیتارانەن کە خۆیان لەبەرگی دیموکراتیشدا پێناشاردرێتەوە, ئەوانەی لە گۆڕان دەترسن, هەر ئەوانەن کە لەئازادیش دەترسن, بەرپرسە نەخوێندەوارەکانن کە توانای دیالۆگی ئەم سەردەمەیان لەگەڵ نەوەی نوێدا نیەو دەخوازن خەڵك هەرمێگەل بێوبەرێزیشیان شوانێکی نە خوێندەواروکەللەڕەق. ئەگەرچی ئەوانەی پروپاگەندەی دیموکراسیەت دەکەن, دەبێت لەو راستییەش حاڵی بن کە کۆمەڵگای دیموکراسی دیالۆگ دەکات, ڕەخنە دەگرێتو خۆپیشان لەدژی گەندەڵییەکانت دەکات, ڕێزت دەگرێتوڕێزیشی لێت دەوێت, دەنگت پێ دەبەخشێت, بەڵام دەسەڵاتی ڕەهات ناداتێ, هەڵەکانت بۆراست دەکاتەوە, بێ ئەوەی کەرامەتت بشکێنێ, قسەدەکاتوماندەگرێت, خەڵکی دیموکراسی لە خۆپیشاندانەدا دەرگاو پەنجەرەی حکومەت ناشکێنێ ئەگەرحکومەت تیشکی خۆری لێ یاساغوحەرام نەکردبێت. دەزگاکانی راگەیاندنی لای ئێمە پڕن لەپڕوپاگەندەی دیموکراسی!! بەڵام پاساو بۆنادیموکراسییەتی دەسەڵات دەدۆزنەوەو بەدحاڵی بوونێکی زۆریش سەبارەت بە دیموکراسیەت دەخەنە ڕوو, کاتێك خەڵکی نایانەوێت دیموکراسیەت ببێتە پاساوێك بۆ دەوڵەمەندبوونی کەمینەیەك بەسەر زۆرینەوە, دەزگاکانی راگەیاندن نەبنە مینبەرێك بۆ چەواشەکردن, سەرۆك نە بێتە تەوتەموجنێوو قسەی سووك بەخەڵکی نادات, ئەمە مافێکی رەوای خەڵکە, دەزگاکانی حکومەت دەبێت لەخزمەتی خەڵکی دابن نەك بەپێچەوانەوە, پۆلیس دەبێت تەوقەلەگەڵ خەڵکیدا بکات نەك تەقە بەرووی داواکارییەکانیاندا بکات, پەروەردەوفێرکردن دەبێت بە روناکییەوە خۆی نمایش بکات نەك بە تاریکیەوە داوای ڕوناکیمان بۆ بکات. وەڵێ ئەفسووس شتەکان لەوڵاتی مندا لینگەوقووچنودیموکراسیش هەتا خواحەزبکات باری لارە. بەڵام دواجار بەخۆشی بێت یان بەترشی پێویستمان بەگۆڕانەوئەوگۆڕانە دەبێت روودات, پێشم وایە ئەمڕۆ بێت یاسبەی دەبێت ئەو هەنگاوە بنێینو سنوری ئەم هەموو نابەرابەری‌ونەزانیە ببەزێنین, ئاخر هیچ بەریوە بەرایەتی‌یەکی پەروەردەتان بینیوە, بەو بێچاوورووییەوە, وەك لێرە دەیبینین بە خوێندکارەکانی خۆی بڵێت فاشل؟! ئاخر ئەگەر بەرێوەبەرایەتی پەروەردە خۆی فاشل نەبێت چۆن لە شکرێك خوێندکاری فاشل لە پەرێزی بەجێدەمێنێ ؟! کەس هەیە پارێزەرانی ڕاستەقینەی سەروماڵی خۆی بەردە بارانکردبێ؟! کەس هەیە ماڵی خۆی لە خۆڕا سووتاندبێ؟.. ئەگەر پۆلیس خزمەتکاری ڕاستەقینەی جەماوەر بێت, چۆن خەڵك بیر لە ئەزیەتدانوسوتاندنی بنکەکەی دەکاتەوە؟ وەڵێ بەپێچەوانەشەوە هەرڕاستە ئەگەرپۆلیس بەڕەقی لەگەڵ خەڵك نەجولاێتەوە چۆن جەماوەر ڕقی خۆی بەسەردا دەبارێنێ؟ بەتایبەتیش لە ڕۆژێکی وەك ئەمرۆدا کەمەترسی تیرۆرخۆی خزاندۆتە ناو دوا گۆشەی ژیانمانەوە! ئەمە پرسیارێکە ئەگەر دەسەڵات وەڵامی نەداتەوە بێگومان لە ئایندەی دورونزیکدا جەماوەر وەڵامی دەداتەوە.